ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## خێراکردنی هەڵکردنی کۆمپیوتەر.

نووسەر:  @:

زۆر جارێک هەیە کە بەکارهێنەر هەست بە  خاوبوونەوەی کۆمپیوتەری خۆی بکات، بەڵام لەوانەیە هۆی ئەو خاوبوونییە نەزانێت. هۆکار زۆرن بۆ خاوبوونی کۆمپیوتەر، یەکێک  لەوانە داگیرساندنی پرۆگرامە لەکاتی هەڵکردنی کۆمپیوتەردا و دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی هەڵکردنی کۆمپیوتەر. لە ڕێگەی فەرمانێکی ویندۆزەوە دەتوانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەیت و هەڵکردنی کۆمپیوتەرەکەت خێراتر بکەیت، ئەگەر خاوە.

کرتە بکە سەر Start و پاشان Run کرتە بکە




پاشان لەنێو پەنجەرەی Run دا بنووسە msconfig و OK بکە،




ئێستا پەنجەرەی تایبەت بە msconfig دەکرێتەوە، لەبەشەکانی سەرەوە کرتە بکە سەر Startup،




لێرەدا هەموو ئەو پرۆگرامانە دەردەکەون کە لەگەڵ هەڵکردنی کۆمپیوتەردا دەست بە ئیشکردن دەکەن و لەو کاتەشدا دەبنە هۆی خاوبوونی کۆمپیوتەر. ئەگەر دەزانی پرۆگرامی تێدایە کە پێویست نییە، دەتوانی هێمای ڕاست لە تەنیشتیەوە لابەریت و ناچالاکی بکەیت.

پاشان Apply کرتە بکەو پاشانیش OK، کۆمپیوتەرەکە داوای دووبارە هەڵکردنەوەی ویندۆزت لێدەکات بۆ جێگیربوونی گۆڕانکاریەکان، بەڵێ سەر لەنوێ هەڵیبکەوە،




کۆتایی.

Oct 2005 13

Dentist in Poland
Professional Dental Care in Poland Implants, Crowns, Bridges, Veneers

Tighten Sagging Skin
30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin

Ads by Google